# أثر أستراتيجية S.N.I.P.S في التحصيل الدراسي في مادة الأجتماعيات/ الجغرافية عند طلبة الصف الثامن الأساس و أتجاهاتهم نحو المادة

ديلان ثروة كريم غائب
arashali873@gmail.com
قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الاساس، جامعة كرميان، محافظة السليمانية، العراق

أ.م.د. شوان فرج سعيد
Shwan.faraj.@garmian.edu.krd
كلية التربية: قسم الكيمياء

أ.د.عزالدين جمعة درويش
Azzadeen .jumaa@garmian.e-du.krd
جامعة گەرميان ، قسم الجغرافيا

**الكلمات المفتاحية:** التصميم التجريبي ،التحصيل الدراسي ،المعرفة،الأتجاه، أستراتيجية S.N.I.P.S

**كيفية اقتباس البحث**

غائب، ديلان ثروة كريم، شوان فرج سعيد، عزالدين جمعة درويش , أثر أستراتيجية S.N.I.P.S في التحصيل الدراسي في مادة الأجتماعيات/ الجغرافية عند طلبة الصف الثامن الأساس و أتجاهاتهم نحو المادة, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# The Effect of the S.N.I.P.S strategy on the Academic Achievement in the subject of sociaI studies/Geography by Eighth_grade students and their attitude Towards the subject

**DiIan Tharwa Karim**
arashali873@gmail.com
**CoIIege Of Basic Education / University Of Garmian /Department Of SociaI Sciences**

**Supervised by : Asst .Prof .Dr shwan faraj Saed**
Shwan.faraj.@garmian.edu.krd
**College of Education: Department of Chemistry**

**Proffesor .D.Azzadin jumaa Darwish**
Azzadeen .jumaa@garmian.e-du.krd
**Garmian University, Department of Geography**

**Keywords** :ExperimentaIdesign،Academic Achivement،study،attiude ،S.N.I.P.S strategy

**How To Cite This Article**
Karim , DiIan Tharwa , shwan faraj Saed ,Azzadin jumaa Darwish ,The Effect of the S.N.I.P.S strategy on the Academic Achievement in the subject of sociaI studies/Geography by Eighth_grade students and their attitude Towards the subject ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abdstract :

The aim of this study is to determine”**The Effect of the S.N.I.P.S strategy on the Academic Achivement in the subject of sociaI studies/Geography by Eighth_grade student and their attitude towards the subject”**

The researcher in his resrarch depended on the experience design of the equavaIent group ,wich incIoudes two groups ,the experimentaI group that studied their Iesson according to the S.N.I.P.S strategy , but the other group wich was controI group studied their subject in the traditionaI and simpIe way post tests for the the view changing and the post _testing for the study achievement .

The research community consisted Of the eighth grade students at the Iower secondary schooIs Of KaIar Directorate Of Education for the Years (2024_2025) . There were (38) Iower Seconddary SchooIs . The researcher chose QaIIa Iower Secondary SchooIe as the exampIe Of the resrarch . Then the researcher Made abaIance among two groups (their back ground knowIedge on the subject , students Iast years in sosiaI subjects and age ) .

The researcher started preparing the achievement test of the study wich consisted of (30) items of the muItipIe choice type , in severaI onse endducted according of four IeveIes of BIooms taxtonomy (Rememberance , understanding Comperehension , AppIication and AnaIysis ) and attited towards matter ,it consisted of (25)items,then the researcher used the (T.test) test to process the data of the research groups using the (spss) program for staticaI anaIaysis.

At the end of the study ,the researcher presented the finding of the study with asset of recommendations foe stakehoIders and made some suggestion for future researcher .

**ملخص :**

أستهدف هذا البحث إلى التعرف على **(أثر أستراتيجية S.N.I.P.S فى التحصيل الدراسي في مادة الأجتماعيات / الجغرافية عند طلبة السف الثامن الأساس وأتجاهاتهم نحو المادة )** لتحقيق هدف البحث أعتمدت الباحثة على التصميم التجريبي القائم على مجموعتين متكافئتين المجموعة التجريبية درست طلابه وفق أستراتيجية S.N.I.P.S ،والمجموعة الظابطة درس طلابه بحسب الطريقة التقليدية،وتم تطبيق الأختبار البعدي لمتغير الأتجاه، وأختبار البعدي للتحصيل الدراسي .

تكون مجتمع البحث من من جميع طلاب الصف الثامن الأساسي في المدارس الأبتدائية التابعة لمديرية تربية كلارللعام الدراسي ٢٠٢٤_٢٠٥٢ ، والبالغ عددهم (٣٨) مدرسة ، وقد أختارت الباحثة قصدا مدرسة (قلا) كنموذج البحث ، وأجرى الباحثة تكافئا بين المجموعتين في



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

المتغيرات (درجات أختبار المعلومات السابقة في المادة ، التحصيل الدراسي السابق لمادة الإجتماعيات ، العمر الزمني ).

وقد قامت بإعداد : أختبار التحصيل الدراسي المكون من (٣٠) فقرة من نوع الأختيار من متعدد وفقا للمستويات الأربع في تصنيف البلوم المعرفي (المعرفة ،الفهم ،التطبيق ،التحليل) ، ومتغير الأتجاه نحو المادة المكون من (٢٥) فقرة ومن ثم قامت الباحثة بإستخراج الصدق والثبات ، وأستعملت الباحثة أختبار ( T.test) لمعالجة بيانات مجموعات البحث بإستعمال برنامج (spss) للتحليل الأحصائي .

## کاریگەری ستراتیجی S.N.I.P.S لەسەر دەستکە وتی خوێندن لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی وبۆچوونیان بەرە وبابەتەکە

**دیلان ثروة کریم غائب**

**بە شی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، پارێزگای سلێمانی_عێراق**

arashali873@gmail.com

**سەرپەرشتیاری یەکەم: پ.ی.د. شوان فرج سعيد**

**کۆلێجی پەروەردە: بە شی کیمیا**

Shwan.faraj.@garmian.edu.krd

**سەرپەرشتیاری دووەم : پ.د.عزالدين جمعة درويش**

**زانکۆی گەرمیان، بەشی جوگرافیا**

Azzadeen .jumaa@garmian.e-du.krd

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی (کاریگەری ستراتیجی S.N.I.P.S لە سەردەستکەوتی خوێندن لە بابە تە کۆمەڵایەتییە کان/جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی هە شتەمی بنەڕەتی وبۆچوونیان بەرەو با بە تە کە ، بۆ سەلماندنی ئامانجەکان توێژەر چوار گریمانەی دارشت .

توێژەر پشتی بە دیزاینی ئە زموونی بەست، گرووپی ئە زموونی بە پێی ستراتیجی S .N.I.P.S وانەیان پێدەوترایەوە ، گرووپی کۆنترۆڵکراو بە رێگای ئاسایی وانە یان پێدەوترایە وە ، بە تاقیکردنە وە ی پاشی بۆ گۆڕاوی بۆچوون وتاقیکردنە وە ی پاشی بۆ دە ستکە وتی خوێندن .

کۆمەڵگەی توێژینە وە کە پێك هاتبوو لە سە رجە م قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنە ڕەتی لەقوتابخانە بنە ڕە تییە کانی سە ر بە بە ڕێوە بە رایە تی پە روە ردە ی کە لار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤_٢٠٢٥) کە ژمارەیان (٣٨) قوتابخانە ی بنە ڕە تی بوون وە بۆ دە ستنیشاکردنی نمو نە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

ی توێژینه وه ، توێژه ر به مه ست قوتابخانه ی قه ڵا ی بنه ڕه تی هه ڵبژارد لەکۆمەڵگای توێژینەوە ، توێژەر هاوسه نگی له نێوان هەردوو گروپه کەدا کرد له گۆڕاوەکانی (زانیاری پێشینه یان له سه ر بابه ته كه ،نمرەی ساڵی پێشوو، ته مەن،زیرەکی).

توێژەر هه ستا به ئاماده کردنی :تاقیکردنه وه ی ده ستکه وتی خوێندن كه له (٣٠) برگە هاتبوو له جۆری (هه ڵبژاردن ) له چه ند دانه یه ك به پێی چوار ئاست له ئاسته کانی پۆلێنی بلوم (یادهاتنەوە ، تێگەیشتن ، جێبەجێکردن ، شیکردنەوە)،وپێوه ری بۆ بۆ چوونیان به ره و بابه ته كه ، که پێكهاتبوو له (٢٥) برگه ،توێژەر به به کارهێنانی تاقیکردنەوەی (T.test) پشتی بەبەرنامەی (SPSS) بەست بۆشیته ڵکردنی ئاماری.

کلیلی ووشەکان (دیزاینی ئەزموونگەری،دەستکەوتی خوێندن، مەعریفە،بۆچوون،ستراتیجی S.N.I.P.S)

## به شی یه که م : ناساندنی توێژینه وه

### ١_١ گرفتی توێژینه وه :

لاوازی له دەستکەوتی خوێندندا به یەکێك له دیارترین کێشەکانی پرۆسەی فێربوون دادەنرێت لەسەرجەم قۆناغەکاندا، هەروەها بوەتە ڕێگرییەکی گەورە لە بەردەم دەزگاکانی فێرکردندا بۆ ئەوەی ئەرك و وراهێنانەکانیان به باشترین شێوە ئەنجامبدەن (حسن، ٢٠١٧، ٢٨٣).

لەولآتانی تازە پێگەیشتوودا کێشەی لاوازی دەستکەوت لەبابەتەکانی خوێندن بەگشتی ولەجوگرافیا بەتایبەتی ،یەکێکە لەو کێشە بنەڕەتیانەی ،کەڕووبەرووی پەروەردکاران وماموٚستایان ودایکان وباوکان بوەتەوە ،بەوپێیەی بابەتی دەستکەوت بەتەوەرێکی گرنگ دادەنرێت لەبواری پەروەردەدا ویەکێکیشە لەپێوەرە گرنگەکانی هەڵسەنگاندنی کاری پەروەردەی،هەروەها بەپێوەرێکی بەراوردکاری نێوان قوتابیان دادەنرێت ،بەم پێیەیە جێگەی سەرەنجی پەروەردکاران وتوێژەران بووە ،کەگریمانەیان لەسەر چەند هۆکارێکی جیاواز لەپشت ئەم لاوازییە کردووە ،ڕەنگە یەکێك لەو هۆکارانە دابین نەکردنی توانای مادی ومەعنەوی وپرۆگرامی فێرکاری گونجاو بێت بۆ خوێندکاران ولاوازی لەئامادەکاری پیشەیی ماموٚستا بەجۆرێك ،کەتوانای ناسینی ئەو ستراتیجە سەرنجراکێشانەی نەبێت کە هاندەری بەرزکردنەوەی دەستکەوته(عارف٢٠٢٢،٢) هەروەها کێشەی لاوازی لە دەستکە وتی خوێندندا بوەتە کێشەیەکی ڕاستەقینە وسەرباری ئەوەی ئەم کێشەیە کێشەیەکی نوێ نیە و زۆرێك له خوێندکاران لە زووەوە بەدەستییەوە دەناڵێنن، بەلاَم لەگەڵ ئەمەشدا لایەنە پەروەردەییەکان هەوڵی ڕوبەڕووبونەوەی ئەم کێشە یەیان داوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بەتایبەت لە تاقیکردنەوەی کۆتایی قوتابیاندا بەشێوەیەکی گشتی و له لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی بەتایبەتی، بێگومان لاوازی تێگەیشتن دیاردەیەك نیە لە پڕێکدا بەسەرقوتابیاندا بێت، بەڵکو هەر لەتەمەنی منداڵیەوە لەگەڵیدایە(سبیتان، ٢٠١٠، ٣).

توێژەر لەڕوانگەی هەستکردن بە بوونی کێشە لە قوتابخانەکاندا له مەڕئەم گرفته ی هەڵوێستەی کردووە ،هەر بۆیە هەوڵیداوە لەڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجی ( S.N.I.P.S )هوه گرفتەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیاربە م شێوەیە بخاتەڕوو

_ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S)کاریگەری دەبێت لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ؟

_ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S)کاریگەری دەبێت لەسەر بۆچوونی قوتابیان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان /جوگرافیا.

گرنگی توێژینەوە:

پەروەردەی نوێ پرۆسەیەکی بەردەوام و پێشکەوتووە، ئامانجی دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی هاوسەنگ بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی بتوانن سیفەت و تایبەتمەندییە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان بەدەست بهێنن.(الحيلة،٢٠٠٩:١٩)هەر بۆیە پرۆسەی پەروەردە

پرۆسەیەکی بنەڕەتی وپێویستە بۆ گەشەپێدانی تاك وکۆمەڵگە ،هەروەها هۆکارێکە بۆ بەردەوامبوون ومانەوەی کۆمەڵگا ،جگە لەمەش هاوکاری تاك وکۆمەڵگە دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ لەمپەرە جیاجیاکانی ژیان (الجعافرة،٢٠١٣ : ٢١).

لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە زانستیەدا وەزۆربوونی ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاری بەڕێژەیەکی زۆر کاری فێرکردنە بۆ ڕێکخستن وگونجاندنی ئەو زانیارییانە ،کە لە هەموو قۆناغەکان پێویستیمان پێی دەبێت نەك تەنها لەقۆناغێکی دیاریکراو(زاير وآخرون ،٢٠١١،١٦).

بەو پێیەی فێرکردن پێکدێت لەهەموو ئەو ڕووداوانەی کەکاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر فێربوونی تاك لەسەرجەم لایەنەکانییەوە ،کە واتە فێرکردن بریتیە لە کۆششێکی تاکە کەسی (مامۆستا)بۆ یارمەتیدانی ئە ویتر(خوێندکار) بۆ فێربوون (عزيز،٢٠١٤ ،١١) ,بریتیە لە توانای دیاریکردن ڕێکخستن وپێشکە شکردنی ڕێگا وشێوازەکانی فیربوون بەگوێرەی کۆمەڵێك ڕێکاروڕێنمایی ڕوون وئاشکرا لە ڕێگەی بابەتەکانی فێربوونە وە پاشان هە ڵسە نگاندنی دە ستکە وت وئامانجە بە دەست هاتووە کان هەروەها دیاریکردنی ئاستە نگە کان بە مە بە ستی چارەسە رکردنیان (محمود،٢٠٠٥، ٦_٧).

وئامانجە بە دەست هاتووە کان هەروەها دیاریکردنی ئاستە نگە کان بە مە بە ستی چارەسە رکردنیان (محمود،٢٠٠٥، ٦_٧).

ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجییە نوێیەکانەوە وەدەبێت کەوەك ڕێگەی تایبەت بۆچارەسەرکردنی کێشەی لاوازی دە ستکە وت دادە نرێن ، بەو پێیە ی کە شێوازی پراکتیکین بۆ گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو ، هەروەها ڕێوشوێن گەلێکن کە بۆکۆنترۆڵ کردن وناسینە وەی زانیاری تایبە ت داڕێژراون،وەهەروەها دەتوانرێت بە کۆی ئە وشێواز وتە کنیك وڕێکارانە پێناسە بکرێن کە مامۆستا پە یڕە وی دەکات بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی وانە وتنەوە لەناو پۆلەکانی خوێندن ،بەشێوازێکی چێژ بەخشوسە رنج ڕاکێش کە زۆرترین ئامانج بە دە ستبهێنێت بە کەمترین کات وهەوڵ وتێچوون (سحتوت وجعفر،٢٣،٢٠١٤) هەروەها گرنگیدان بەڕێگا وشێوازوستراتیجییەکانی وانەوتنەوەی مۆدێرن ،هەلی گەیشتن بەئامانجە پەروەردەیی وفێرکارییەکان وپاڵنەرەکانی قوتابیان زیاد دەکەن،پاشان بواریان پێدەدات ،کەئامراز وکەرەستەی فێرکاری بەکاربهێنن،بەوپێیەی شێوازێکی سەرەکییە لەپرۆسەی فێربووندا ،هەروەها ئامرازێکی گرنگە بۆ بڕیاردان لەسەر هەر بابەتێك .(عبيد،٢٠٠١،٢٤_٥١ ).

هەروەها گرنگیدان بەرێگا وشێوازوستراتیجییەکانی وانەوتنەوەی مۆدێرن ،هەلی گەیشتن بەئامانجە پەروەردەیی وفێرکارییەکان وپاڵنەرەکانی قوتابیان زیاد دەکەن،پاشان بواریان پێدەدات ،کەئامراز وکەرەستەی فێرکاری بەکاربهێنن،بەوپێیەی شێوازێکی سەرەکییە لەپرۆسەی فێربووندا ،هەروەها ئامرازێکی گرنگە بۆ بڕیاردان لەسەر هەر بابەتێك .(عبيد،٢٠٠١،٢٤_٥١ ).

وەستراتیجی (S.N.I.P.S) یەکێکە لە ستراتیجە نوێیەکانی پاشخانی مەعریفە کە جەختدەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی پرسیارکردن و لێکۆڵینەوە لە بابەتە بینراوەکان و شیکردنەوەیان، گرنگی ئەم ستراتیژییە لەوەدایە کە هاوکاری فێرخوازان ئەکات بۆ تێگەیشتن لەو دەقانەی کە دەیخوێننەوە و جگە لەمەش هاوکارییان ئەکات بۆ ئاراستەکردنی کەسێتی خۆیان و داڕشتنی کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لەدوای یەك و پێکەوە بەستراو بەمەبەستی تێگەیشتن لەو دەقانەی کە دەیخوێننەوە، هەموو ئەم ڕێکارانە هاوکارییەکی باشی خوێندکاران ئەکات و هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە گەشەپێدانی ڕوانگە جیاجیاکان لەلای تاك، جگە لەمەش هاوکاری تاك ئەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوپۆلە کانی تردا بگونجێ و تێکەڵبێت، جا چ لە قوتابخانەبێت یان لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندی کردنی بە ڕۆشنبیری یان تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەریەوە ئەنجام ئەدات.(عبيدات و أبوسميد، ٢٠٠٧،٢٩٧ ).

لەسەر ئەو بنەمایانەی پێشکەشکران، توێژەر دەتوانێت گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە کورتبکاتەوە:

١_گرنگی بەکارهێنانی ستراتیجییەکانی پاشخانی مەعریفە لەو چوار چێوەیەدا ستراتیجی (S.N.I.P.S) لەوەدایە، کە پشت بە هۆکارە بینراوەکان دەبەستێت ئەمەش هاوکارییەکی باشی قوتابیان بۆ وەرگرتن و هەڵگرتنی زانیارییەکان لە مێشکیاندا دەکات و هاوکات دەتوانن بە ئاسانی جارێکی دیکە بەکاریانبهێننەوە.

٢_بەسوودە بۆ پسپۆرانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە بواری وانەوتنەوەدا ئەگەر ئەنجامێکی ئەرێنی هەبوو لە ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابی.

٣_بەکارهێنانی ئەم ستراتیجیە دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەك بۆ توێژەرانی دیکە لە بواری وانەوتنەوە.

### ١_٣ ئامانجی توێژینە وە :

١_ زانینی کاریگەری ستراتیجی(S.N.I.P.S) لەسەر ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

٢_ زانینی کاریگەری ستراتیجی (S.N.I.P.S) لەسەر بۆچوونی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ جوگرافیا.

٣_ زانینی جیاوازی ڕەگەزی بۆ گۆڕاوەکانی توێژینەوەك

### ١_٤گریمانەی توێژینە وە :



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

١_جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی(0.05) ، لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی، کە بە ستراتیجی(S.N.I.P.S) وانەیان پێدەوترێتەوە و ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە بەڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پاشی دەستکەوتی خوێندن.

٢_جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05)، لەنێوان هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە پێوەری پاشی بۆچوونی قوتابیان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیا.

٣_جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی(0.05) ، لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ لە گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشی دەستکەوتی خوێندن.

٤_جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی(0.05) ، لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە گرووپی ئەزموونی لە پێوەری پاشی بۆچوونیان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان/جوگرافیا.

## ١_٥سنوری توێژینەوە(حدود البحث)

سنوری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری کەلار.

سنوری شوێنی: قوتابخانەی قەڵای بنەڕەتی لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار لە ناوەندی شاری کەلار.

سنوری کاتی: وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی(2024_2025).

سنوری بابەتی: بەندەکانی(یەکەم، دووەم، سێیەم)ی کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیا، بڕیارلێدراوی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان_عێراق، کە بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی دانراوە، چاپی( هەژدەهەم).

## ١_٦پێناسە ی زاراوە کان :

### کاریگەری (ألاثر):

(أبو حويج ومقلي ،٢٠١١) : دەرئەنجامی گۆڕانکاری خوازراو یان نەخوازراوە لەقوتابیدا لەئەنجامی پرۆسەی وانەوتنەوەدا(أبو حويج ومقلي،٣٤٢،٢٠١١) .

ئەنجامی کۆتاییە کەتوێژەر دەیەوێت پێی بگات ،دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکەی بەسەر ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکەدا، بۆ زانینی ڕادەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ستراتیجی S.N.I.P.S)لەسەر گۆڕاوەکانی پاشکۆ .

### ستراتیجی :

(الزويني ، ٢٠١٥ ) : بریتییە لە کۆمەڵێك هۆکارو ڕێکاری جیاجیا کە لەلایەن مامۆستاوە بەکارئەهێنرێت بەمەبەستی سود گەیاندن بە فێرخوازان لە ڕووی ئەزموونی فێربوون و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی پرۆسەی پەروەردە(الزويني ،٤٤،٢٠١٥).

_ پێناسەی ڕێکاری توێژەر : بریتییە لە کۆمەڵێك چالاكی و پلان و ڕێکاری جۆراوجۆری دیاریکراو، کە پێشتر لەلایەن توێژەرەوە داڕێژراوە بۆ فێرکردنی فێرخوازان و گەیشتن بە ئامانجە داڕێژراو ودیاریکراوەکانی پەروەردە.

**ستراتیجی S.N.I.P.S**

(Nurjannah,2013, : بریتیە لە ستراتیجییە ك کە لە سە ر بنە مای پێنج هەنگاوی تایبە ت بنیات نراوە، کە پە شت ئە بە ستێت بە هۆکارە بینراوە کانی وە ك (وێنە، نەخشە، بابەتی نوسراو، نوسراوەکان، خشتە)، بە مە بە ستی تێگەیشتن لە دە ق خوێندراوە(Nurjannah,2013,21 ).

پێناسە ی ڕێکاری توێژەر : بریتیە لە و ستراتیجیە تە ی کە لە پێنج هە نگاو پێکهاتووە وە ك گۆڕاوێکی سە ربە خۆ بە کاردێت بۆ فێرکردنی قوتابیانی گروپی ئە زموونی .

**دە ستکە وتی خوێندن :**

(AlIEN ,2007) :بریتیە لەو دەستکەوتەی کە قوتابی لە قۆناغێکی دیاریکراو لە کۆمەڵێك وانەی دیاریکراودا بەدەستی دەهێنێت، ئاستی ئەم دەسکەوتەش بەو نمرەیە ئەپێورێت، کە قوتابی لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە یان زانکۆ بەدەستی هێناوە (ALLEN, 2007,39).

. پێناسەی ڕێکاری توێژەر: بریتیە لە ونمرانەی کە قوتابیانی نموونە ی توێژینە وە بە دە ستی دە هێنن دوای فێربوونیان لە و بابە تانە ی بۆیان دانراوە بە پێی ئامانجە پە روە ردە ییە کان .

**جوگرافیا :**

(المسعودي ،٢٠١٣) : تاکە زانستێکە کە ئەتوانێت وێنەیەکی ڕۆشنمان پیشانبدات لەسەر گۆی زەوی لە ڕووی وشکانی و ئاوی و کەشو هەواوە، هەروەها هەوڵەدات دیاردە سروشتییە جۆراوجۆرەکانمان بۆ شیبکاتەوەو هۆکارەکانی ڕودانی ئەنجامەکانیمان بۆ بخاتەڕوو، جگە لەمەش هەوڵەدات ئەوەشمان بۆ ڕوونبکاتەوە کە چۆن مرۆڤ ئەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو ژینگەیەوە کە تێیدا ئەژی و چۆن مرۆڤ بتوانێت سود لە سەرچاوە سروشتییەکان وەربگرێت (المسعودي،٢٠١٣: ٢٥).

پێناسەی ڕێکاری توێژەر: بەشێکە لە ڕاستی و گشتاندنە جوگرافییەکانی تایبەت بەلێکۆڵینەوە لە دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی سەر زەوی، هاوکات لایەنی تیۆری توێژینەوەکە کە بریتە لە بابەتەکانی(کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا) لە کتێبی کۆمەڵایەتییدا لەگەڵ لایەنی پراکتیتکی کە بریتیە لە نموونەی توێژینەوەکە لە قوتابیانی (هەشتەمی بنەڕەتی) لە خۆ ئەگرێت.

**بۆچوون :**

(ملحم، ٢٠٠٠) : حاڵەتێکی ئامادەی زەینی و عەقڵیە لای تاك، ئەم حاڵەتەش لە ئەنجامی ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانە بەرهەمهاتووە کە پێشتر تاکەکانی پێدا تێپەڕیووە، ئەرکی ئەم حاڵەتە هزرییە ئەوەیە کە وەڵامدەرەو و ئاڕاستەکەری تاکبێت بەرامبەر ئەو بابەت و هەڵوێستانەی کە ڕووبەڕووی تاك ئەبنەوە (ملحم ،٣٣،٢٠٠٠).


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پێناسه ی ڕێکاری توێژه ر :ئەو وەڵامدانه وه یه که قوتابیانی نمونه ی توێژینه وه که پیشانی ده ده ن به قبوڵکردن یان ڕەتکردنه وه به رامبەربە دیاردە یان بابە تێك وەبەو نمره یه پێوانه دەكرێت كه قوتابییه‌كه به ده ستی دەهێنێت له پێوەری بۆچوونیان بەرە و بابه ته كۆمه ڵایه تییه كان /جوگرافیا.

## به شی دووه م : لایه نی تیۆری توێژینه وه كه وتوێژینه وه كانی پێشوو

### ٢_١_پاشخانی مه عریفه (Metacogenition Strategies)

چەمکی پاشخانی مەعریفی (Metacogenition) له سەرەتای حه فتاكانی سه ده ی ڕابردوودا سه ریهه ڵدا بۆ زیادکردنی ڕه هه ندێكی نوێ بۆ بواری ده روونناسی مه عریفی ،وه ئاسۆیه كی نوێ وفراوانی بۆ توێژینه وه ئه زموونییه كان له بواری زیره كی ،بیرکردنه وه ، تێگه یشتن ولێهاتوویی په روه رده یی په ره سه ندنی ئه م چه مكه ش ده گه ڕێته وه بۆ (Flavell) ( الأسدي، ٢٠١١،٢٧) ، Flavell,1979)پێی وایە پاشخانی مەعریفی ڕۆڵی چاودێریکردنی مەعریفەی تاك و چۆنێتی جێبەجێکردنی کردەکانی دەبینێت، بۆیە پێویستە لەسەر قوتابیان چاودێری بیرکردنەوەکانیان بکەن بیرکردنەوەکانیان بەگوێرەی ئامانجە مەعریفییەکان ڕێکبخەن، هەروەها(Flavell )پێی وایە پێی وایە پاشخانی مەعریفی بەرزترین ئاستی هەڵسوڕاندن(تحكم) کردنە بە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە بیرکردنەوەوە وەکو فێربوون و چۆنێتی بەدەستخستنی زانینی زیاتر، چونکە پاشخانی بیرکردنەوە پێکهاتوە لە مەعریفەو ئەزموون لەبیرکردنەوە وئەزموون(Flavell,1976,906) ، بەڵام(هالان و کایفان) ئاماژە بەوە ئەکەن، پاشخانی مەعریفی بریتییە لە چەند کارامەییەکی مەعریفی کە جەخت لەوە ئەکەنەوە کە خوێندکار خاوەن بیرکردنەوەیەکی ڕێکخراوە لە پرۆسەی فێربووندا، ئەمەش هۆشیاری فێرخواز دەرەخات لەسەر پرۆسەکە کە پرۆسەی فێربوونە، هەروەها ئاماژەیە بە توانای خوێندکار لە بواری ئاراستەکردن و هەڵسوڕاندنی کەسێتی خۆی و هەڵسوڕاندنی هەوڵەکانی لە بواری فێربووندا، هەروەها ڕادەی هۆشیاری دەرەخات لەسەر هەڵسەنگاندنی بەردەوامی خۆی لە بواری فێربووندا (Hallahan, kauffiman, 1999, 1

### چەمکی ستراتیجی(S.N.I.P.S) :

ئەم ستراتیجیە لەسەر بنەمای تیۆری مەعریفی جان بیاجێە دارێژراوە، ئە م تیۆرەش پێکهاتووە لە کۆمەڵە قۆناغێکی مەعریفی، وە کاریگە ریە کی گەورەی کردەسەر تیۆری بونیاد بۆ وانەوتنەوە، ئەم تیۆرە هاوکارییەکی بەرچاوی قوتابیان ئەکات بۆ تێگەیشتن ووەرگرتنی چەمکەکان (الزغلول ورافع،٢٠٠٣،٢٥) ، تایبەتمەندی ستراتیجی (S.N.I.P.S) ئەوەیە کە هاوکاری قوتابیان ئەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خود هاندانە وە باشتر لە و دەقانە تێبگەن کە دەیخوێننەوە، هەروەها ئەم ستراتیژییە هاوکاریمان ئەکات بۆ دانانی کۆمەڵێك ڕێکاری یەك لەدوای یەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ تێگەیشتن لە دەقی خوێنراوە، هاوکات هاوکاری قوتابیان ئەکات بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێربوونیان و هۆشیاری و چالاکییەکی زیاتریان پێدەبەخشێت، بەجۆرێك دەرفەتی تەواویان بۆ ئەڕەخسێنێت بۆ گەشەپێدانی تواناکانیان بەشێوەیەکی ئاسان (القطاونة و سامي، ٢٠٠٦، ٢٢٧)

### ٢_١_١ ڕۆڵ وپێگەی قوتابی لەستراتیجی (S.N.I.P.S) :

١_ تواناى وردبوونەوەو لايەنى رەخنەى خوێندكار بەهێز دەكات لەكاتى خوێندنەوەدا.

٢_ ئەم ستراتيجييە دان بە رۆڵى قوتابى دا ئەنێت لە پرۆسەى فێربووندا، هەروەها پێى وايە هەڵبژاردنى كردە عەقڵييەكانى پرۆسەى فێربوون كارێكى بەرپرسانەيەو ئەبێت لەگەڵ ئاستى تواناو تێگەيشتنى خوێندكاراندا بگونجێت.(الدراجي، ٢٠١٣، ٤٥).

٣_قوتابيان ئەتوانن بەهۆى ئەم ستراتيجييەوە بيرۆكە هۆكارييەكان و بيرۆكەى ناو دەقە خوێنراوەكان پێكەوە گرێبدەن.

٤_ كارى كۆمەڵكارى و ئاڵوگۆركردنى بيروبۆچوونەكان لەكاتى ئەنجامدانى موناقەشەو گفتوگۆدا

٥_ قوتابى سەنتەرى پرۆسەى پەروەردەو فێربوونە.

٦_ هۆكارە بينراوەكان بەشێوەيەكى زۆرباش شيدەكاتەوە (Alzahawy ,2003,106)

## ٢_١_٢رۆڵى مامۆستا لەستراتيجى (S.N.I.P.S)

**دیارترین رۆڵى مامۆستادا لەم ستراتیژییەدا بریتییە لەم خاڵانەى لاى خوارەوە:**

١_ هۆكارە بينراوەكانى وەك نەخشەو وێنە و هێڵكارى و هەموو ئەو هۆكارانەى تر كە ئەبنە مايەى گەشەپێدان و پێشخستنى لايەنى هۆشيارى خوێندكاران لە دەقەكانى وانەوتنەوەدا بەكارئەهێنن.

٢_ هۆكارە بينراوەكانى وەك نەخشەو وێنە و هێڵكارى و هەموو ئەو هۆكارانەى تر كە ئەبنە مايەى گەشەپێدان و پێشخستنى لايەنى هۆشيارى خوێندكاران لە دەقەكانى وانەوتنەوەدا بەكارئەهێنن (القريشي والرحيماوي ،٢٠١٦،٣٢٦).

٣_ رۆڵى مامۆستا لەم ستراتيجييەدا ئەبێت چاودێرى و راوێژكردن بێت، نەك ئەوەى مامۆستا سەرچاوەى زانيارييەكان بێت.

٤_ دەستەبەركردن و بەكارهێنانى هۆكارەكانى بەهێزكردنى كەسێتى، بەمەبەستى بەڕێوەبردنى بۆ بەردەوامبوون و بەڕێوەبردنى ستراتژى پاشخانى مەعريفە (حيدر وفاطمة ، ٢٠١٨، ١٦٢، ١٦٣ ).

## ٢_١_٣بۆچوون :

بريتييە لە جۆرێك لە ئامادەكارى لەلاى تاك بەرامبەر بابەتێكى دياريكراو، ياخود بريتييە لە جۆرێك كاردانەوەو هەڵچوون بەرامبەر دياردەيەك يان هەڵسوكەوت و رەفتارێكى دياريكراو، بۆچوون ئەكرێت ئەرێنى بێت و ئەكرێت نەرێنيش بێت، ئەويش ئەكەوێتە سەر كاردانەوەومان بەرامبەر ئەو رەفتارە يان ئەو دياردەيەى كە بۆچوونى لەسەردەردەبرين، گەرلەگەڵ ديد روانگەماندا گونجا،ئەوا تێروانينەكانمان بەرامبەرى ئەرێنى ئەبێ و بەپێچەوانەشەوە گەرلەگەڵ تێروانينەكانماندا نەگوونجا ئەوا بۆچوونمان بەرامبەرى نەرێنى ئەبێت، بۆچوون بريتييە لە پوختەى تێروانينى تاك بەرامبەر دياردە يان رەفتارێكى دياريكراو، يانبريتييە لەهەڵوێست، يان كۆمەڵێك رەفتار يان كۆمەڵێك هەڵوێست كە لەلاى تاك گەڵاڵەئەبێت، دەكرێت بڵێين گرنگى



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بۆچوون لەلای فێرخوازان بەگشتی ئەوەیە کە جۆرێك لە ئامادەکاری و تواناییان تێدا دروستەکات بۆ درکپێکردنی شتەکان و بابەت و چالاکییەکان(عطیة ،٢٠٠٨،٨٨ ).

## ٢_١_٤گرنگی بۆچوونەکان :

بۆچوونەکان هاوکاری تاك ئەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیانی واقعیدا بگونجێت، جگە لەمەش هاوکارن بۆ گونجانی تاك لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا، ئەمەش لە رێگەی قبوڵکردنی ئەو بۆچوونانەوە ئەبێت کە کۆمەڵگە بڕوای پێیەتی، گرنگی بۆچوونەکان لەم چەند خاڵەدا ئەخەینەڕوو:

١_کار ئەکات بۆ تێرکردنی پاڵنەرو پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تاك .

٢_ بۆچوونەکان رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕووی گونجانەوە، چونکە کار ئەکات بۆ گونجاندنی تاك لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی (عبدالقادر، ٢٠٢٠: ١١٢٧ ).

٣_ئەبێتە هۆی ئەوەی کە جۆرێك لە گونجاوی و رێکوپێکی لە بڕیارەکانی تاکداهەبێت

٤_رۆڵی هەیە لە رێکخستنی زانیارییەکانی تاکدا، بەجۆرێك کە ئاسان و جێگەی تێگەیشتن بێت

٥_ وادەکات کە تاك لە ڕووی پەروەردەییەوە کە سێکی بەپەروەردەو گونجاوبێت (أبراهيم، ٢٠٠٤، ٥٧).

## توێژینە وە کانی پێشوو :

١_ توێژینەوەی (المشهداني ،٢٠٢٤):

توێژەر توێژینە وە کە ی لە وڵاتی عێراق ئە نجامداوە بە مە بە ستی زانینی (کاریگەری ستراتیجی S.N.I.P.S لە سە ر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەبابەتی زمانی عەرەبی) ،نمونە ی توێژینە وەکەی بریتی بوو لە (٦٠) قوتابی.

توێژەر بۆ شیکردنەوەی داتاکان ئەم ئامرازە ئامارییانەی بە کارهێنا تاقیکردنەوەی تائی بۆ دووگروپی سە ربەخۆ، هاوکۆلکە ی کا٢،هاوکێشە ی ئە لفا کرۆنباخ.

٢_توێژینەوەی (Nurjannah،2013):

توێژەر توێژینەوەکەی لە وڵاتی سەنگافورا ئە نجامداوە بەمە بەستی زانینی (کاریگەری ستراتیجی S.N.I.P.S لە تاقیکردنە وە ی تێگە یشتنی خوێندنەوە بۆ قوتابیانی ئامادە یی لە بابە تی ئینگلیزی )، نمونە ی توێژینەوە کە بریتی بوو لە (٥٠) قوتابی .

توێژە ر بۆ شیکردنەوەی داتاکان ئەم ئامرازە ئامارییانە ی بە کارهێنا تاقیکردنەوەی تائی بۆ(T.test)

دوو نمونەی سەربە خۆ هاوکێشەی ئە لفا کرۆنباخ ، کیۆدەر ریتشاردسۆن.

**توێژینەوەی (السعدي ،٢٠٢١):**

توێژەر توێژینەوەکەی لەوڵاتی عێراق ئە نجامداوە بەمەبەستی (زانینی کاریگەری مۆدێلی (4Ex2) لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی پێنجە می وێژەیی لە بابە تی ڕەوانبێژی وجێبەجێکردن وبۆ چوونیان بەرەو بابەتەکە)،نمونە ی توێژینە وە کە ی بریتی بوو لە (٤٠) قووتابی.

توێژە ر بۆ شیکردنە وە ی داتاکان ئە م ئامرازە ئاماریيانە ی بە کارهێنا (T.test)، تاقیکردنە وە ی مان وتنی .


## ٣_١ میتۆدی توێژینە وە :

توێژەر میتۆدی توێژینە وە ی ئە زموونی بە کارهێناوە چونکە گونجاوە لە گە ڵ ئامانج وگریمانە کانی توێژینە وە .

### ٣_٢ دیزاینی ئە زموونی

توێژە ر لە توێژینە وە کە یدا پشتی بە ودیزاینە بە ستوە کە پێی دە ڵێن ئەزموونگە ری ، میتۆدی ئە زموونگەری لە نێو میتۆدەکاندا ، وردترین میتۆدی توێژینەوەیە و ڕە نگە لە هە موویان قورستر و ئاڵۆزتر بێت . بریتیە لە هە موارکردنێکی ورد ومە بە ستداری هە لومە رجی دیاردە یە ك وتێبینیکردنی ، پاشان لێکدانە وە وراڤە کردنی ئە و گۆڕانکارییەی کە لە ئە نجامی هە موارکردنە کە دا،بە سەر دیاردە یە کدا دێت (بۆکانی ، ٢٠٢٠ ، ١٠١)،بەپێی ئەم بەپێی ئەم دیزاینە هەردوو گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) کەوتوونەتە ژێر تاقیکردنەوەی پاشی گۆڕاوی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی پاشی پێوەری بۆچوونیان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیا.

**خشتەی (١)**




### ٣_٣کۆمە ڵگە ی توێژینە وە ونمونە ی توێژینە وە :

### ٣_٣_١: کۆمەڵگەی توێژینەوە

كۆمه ڵگه ئامانجی سه ره كی توێژینه وه یه ، به جۆرێك توێژه ر له كۆتاییدا ئه‌نجامه كانی به سه ریدا ده گشتێنێت واته ، هه موو تاكه كان یان توخمه كانی ئه ودیارده یه ی توێژه رتوێژینه وه ی له باره وه ده كات ، ده گرێته وه (علي ،٢٠٢١،٥٣).

كۆمەڵگەی توێژینەوەكە هەموو ئەو قوتابخانانە دەگرێتەوە، كە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیان هەیە وسەربە(بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كەلار)ن بۆ ساڵی خوێندنی(2024_2025)، كە ژمارەیان(3031) قوتابییە و بەسەر(38) قوتابخانە دابەشبوون.

## ٣_٣_٢:نمونەی توێژینەوە:

بەشێكە لە كۆمەڵگەی ڕەسەن كە لێكۆڵینەوەی لە سەر دەكرێت، كە بەمەبەستی لێكۆڵینەوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی بگات بە هە ندێك ئە نجام سە بارەت بە وكۆ مەڵگەیە ونوێنەرایەتی دروستی بكات (العزاوي ،٢٠٠٨،١٦١)، نمونە ی ئەم توێژینە وە یە پێك دێت لە دوو بە ش:

## ٣_٣_٣نمونەی قوتابخانە :

بۆ ده ستنیشانكردنی نمونه ی توێژینه وه له پاش ناردنی نووسراو له ڕاگرایه تی كۆلێژی په روه رده ی بنه ڕه ت بۆ به ڕ ێوه به رایه تی په روه رده ی كه لار وله وێشه وه نووسراوی ڕێگه پێدان ئاڕاسته‌ی قو تابخانه كه كرا ، توێژه ر به مه به ست قوتابخانه ی (قه ڵا) ی بنه ڕه تی هه ڵبژارد تاوه كوو ببێته نموونه ی توێژینه وه كه له به ر چه ند هۆكارێك له وانه :

١_ ده ربڕینی هاوكاری پێویست له لایه ن كارگێری قوتابخانه كه وه بۆ ئه نجامدانی توێژینه‌وه‌كه.

٢_ گونجاوی قوتابخانه كه له ڕووی ژماره‌ی قوتابیان وپۆله .

٣_قوتابخانه كه له ڕووی جوگرافییه وه نزیك بووه له شوێنی نیشته جێبوونی توێژەر.

## ٣_٣_٤نمونه ی قوتابی (عينة الطالب):

پاش سەردانیكردنی توێژەر بۆ قوتابخانەكە، بۆی دەركەوت، كە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی چوار گروپن (أ، ب، ج، د)، توێژەر بە شێوەیەكی هەڕەمەكی دوو گروپی هەڵبژارد، لە ئەنجامدا گروپی (أ) بوو بە گروپی ئەزموونی، كە ژمارەیان (22) قوتابی بوو و گروپی(ب) بوو بە گروپی كۆنترۆڵكراو، كە ژمارەیان (20) قوتابی بوو، ژمارەی قوتابیانی هەردوو گروپ بریتی بوو لە (42) قوتابی پاش دوورخستنەوەی قوتابیە دەرنەچووەكانی ساڵی پێشوو، كە ژمارەیان(4) قوتابی بوو، هۆكاری دوورخستنەوەی قوتابیە دەرنەچووەكان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ڕەنگە لەڕووی گەشەی عەقڵییەوە جیاوازییەكانی بەرچاویان هەبێت لەگەڵ هاوپۆلەكانیان، بۆ ئەوەی كاریگەری لەسەر دروستی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە نەكەن،بڕوانە خشتە ی (٢).

گروپ وژماره ی قوتابیانی نمونه ی توێژینه وه

| گروپ | هۆبه | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی قوتابییە دەرنەچووەکان | ژمارەی کۆتایی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|
| أ | ئەزموونی | ستراتیجی S.N.I.P.S | ٢٢ | ٣ | ١٩ |
| ب | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | ٢٠ | ١ | ١٩ |
| کۆ | | | ٤٢ | ٤ | ٣٨ |

### ٣_٤هاوسه نگی هەردوو گروپی توێژینه وه:

به مه بەستی هاوتاکردنی هەردوو گروپی ئه زموونی وکۆنترۆڵکراو له چه ند گۆڕاوێکی  په یوه ندیدار،توێژەر هه ردوو گروپەکەی له م گۆڕاوانەی خوارەوەدا هاوسه نگ کرد:

### ٣_٤_١ ته مه نی قوتابیان :

توێژەر تەمەنی قوتابیانی هەردووگروپی ئه زموونی وکۆنترۆڵکراوی له  تۆماری فەرمی قوتابخانه بەدەستهێنا، سەرەڕای دابه شکردنی فۆرمی تایبه ت بۆوەرگرتنی ڕێکەوتی ڕۆژ ومانگ وساڵی ته مه نیان ، پاشان هه ژمارکردنی ته مه نیان به مانگ دیاریکرا،پاش وه گرتنی داتاکان وبه کارهێنانی تاقیکردنه وه ی (T.test) بۆدووبژاردە ی سه ربه خۆی یه کسان به مه به ستی زانینی جیاوازی به ڵگه داری ئاماری له نێوان هه ردوو گروپی ئه زموونی وکۆنترۆڵکراودا دەرکه وت که جیاوازی به ڵگه داری ئاماری له نێوان ناوه نده ژمێری گروپی ئه زموونی (162.23) وگروپی کۆنترۆڵکراو (160.84) دا نیه ، چونکه به های ده رهێنراو (1.164) بچوکتره له به های خشته ی (2.021)، که واته قوتابیانی هه ردوو گروپ له گۆڕاوی ته مه ندا هاوسه نگن، بڕوانه خشته ی (٤).

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t) بۆ تەمەنی خوێندکارانی هەر دوو گرووپ**

| گروپەکان | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی (t) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونیی | 162.32 | 3.94 | 1.164 | 2.021 | 36 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 160.84 | 3.86 | | | | |

### زانیاری پێشینه دەربارەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان / جوگرافیا :

توێژه تاقیکردنه وه یه کی به سه رقوتابیانی هه ردوو گروپ، (ئه زموونی ، کۆنترۆڵکراو ) دا جێبه جێکرد له بابه تی جوگرافیا ، که پێك هاتبوو له چوارجۆر پرسیار لەجۆری (ڕاست وهه له وهه ڵبژاردن وبۆشایی ) که له (٣٠)  بڕگه پێك هاتبوو ، پشت به ست به ناوه ڕۆکی بابه تی جوگرافیا له په رتووکی بابه ته کۆمه ڵایه تییه کان /جوگرافیا  له پاش ئه نجامدانی تاقیکردنه وه که وڕاست کردنه وه ی وەڵامه کان به پێی کلیلی پشکنین ، توێژەر, تاقیکردنه وه ی ( T.test) به کارهێنرا ،  له ئه نجامدا ده رکه وت که جیاوازی مانادراری ئاماری نییه له نێوان هه ردوو

گروپ (ئەزموونی،كۆنترۆڵكراو)،چونكه به های (T) ئه ژماركراو (0,609) بچوكتره له به های (T) خشته یی (2,021) له ئاستی به ڵگه داری (0,05) .

**خشته ی ژماره (٥)**

**ئه نجامی تاقیكردنه وه ی (t) بۆ جیاوازی نێوان ناوه نده ژمێری زانیاری پێشینه ده رباره ی بابه ته كۆمه ڵایه تییه كان / جوگرافیا**

| گروپ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی (t) ئەژمارکراو | خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 12.16 | 3.50 | 0.609 | 2.021 | 36 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12.84 | 3.42 | | | | |

### ٣_٤_٢ نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی قوتابیانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە (ئە زموونی ،کۆنترۆڵکراو )ورادەی هاوتاییان لەم گۆڕاوەدا،توێژە ر نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپی بۆ ساڵی خوێندنی (2024_2023) ی بۆ بابەتەکۆمەڵایەتییە کان/جوگرافیا وەرگرت لەتۆماری فەرمی قوتابخانە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (8) ، ئەویش بەمەبەستی زانینی جیاوازی مانادادری ئاماری لە نێوان هەردوو گروپ ، پاشان شیکاری بۆکرا ، لەئەنجامدا دەرکەوت کەجیاوازی مانادراری ئاماری نییە ، ئە ویش بە بە کارهێنانی تاقیکردنە وە ی (T.test) ، چونکە بە های (T) ئە ژمارکراو (0,142) بچوکترە لەبەهای (T) خشتەیی (2,021 ) لەئاستی بەڵگە داری (0.05) ،کەواتەهەردووگرووپەکەلەڕووی نمرەی ساڵی پێشووەوە هاوتابوون، **بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).**

**بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری لەنمری بابەتەکۆمەڵایەتیەکان (t)ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێشوو ساڵی**

| گروپ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی(t) ئەژمارکراو | خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 78.00 | 10.46 | 0.142 | 2.021 | 36 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 78.47 | 10.06 | | | | |

**ئاستی زیرەکی:**

بریتیە لەو توانا عەقڵییە، کە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی بیرکردنەوە و چالاکی جەستەییەوە دەریببڕێت (کرافر،10,2011)، توێژەر بۆ هاوتایی لەنێوان هەردوو گروپی (ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو) تاقیکردنەوەی (جۆن ڕاڤن)ی بەکارهێنا، کە بریتیە لە کۆمەڵێک وێنە، کە یەکێکیان تەواونەکراوە، داوا لە قوتابی دەکرێت ئەو بەشە بدۆزێتەوە، کە شێوە ناتەواوەکە تەواو دەکات و لە (60) برگە پێک هاتووە، ئەم تاقیکردنەوەیە بەوە ناسراوە، کە پلەیەکی بەرزی لە ڕاستێتی وجێگیری هەیە، تاقیکردنەوەکە لەیەک کاتدا و لە ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی

3/24/ 2025 بەسەر هەردوو گروپ جێبەجێکرا، پاشان بەپێی کلیلی پشکنین هەڵەچنی پرسیارەکان کرا، بۆ هەر وەڵامێکی ڕاستی قوتابی (یەک)نمرە و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە (سفر) وەردەگرێت ، بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری تاقیکردنەوەی (t.Test) بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەکارهێنرا، دوای دەرهێنانی ناوەندە ژمێری ولادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ بەهای (t)ئەژمارکراو بریتی بوو لە (0.039) کەمترە لە بەهای (2.021) خشتەیی لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەردوو گروپ لەڕووی ئاستی زیرەکییەوە هاوسەنگبوون، بڕوانە **خشتەی(٦)**.

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t.Test) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری ئاستی زیرەکی**

| گروپ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی( t ) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 34.84 | 8.90 | 0.039 | 2.021 | 36 | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 34.74 | 7.87 | | | | |

## ٣_٥ئامرازەکانی توێژینەوە (أداة البحث)

ئامرازەکانی توێژینەوە کاریگەریان هەیەلەسەر ئەنجامەکان ، بۆیە توێژەر بۆ هە ردوو گروپی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو هەمان ئامرازی پێوانەکردنی بەکارهێنا گروپی وەلە یە ك کاتیشدا جێبەجێکرا .

## ٣_٦ پێداویستیەکانی توێژینەوە

_بۆ جێبە جێکردنی ئە زموونی توێژینە وە کە بە شێوە یە ی سە رکە وتوو ، پێویستە چە ند پێداویستییە ك ئامادە بکرێت کە بریتین لە مانە ی خوارە وە :

## ٣_٦_١دیاریکردنی بابە تی خوێندن:

بەمەبەستی بەجێگەیاندنی توێژینە وەکە ، وبە ڕاوێژ کردن بەکەسانی پسپۆر ومامۆستایانی بابە ت کە چە ند ساڵێك وانە یان وتووەتە وە ، توێژەرهەستا بە دیاریکردنی بابەتەکانی خوێندن ، بابەتەکانی ئەم توێژینەوە یە لەسێ بە ند (یە کە م ، دووە م ، سێیە م ) پێکهاتووە لە ، پەرتووکی بابەتە کۆ مەڵایەتییە کان/ بەشی جوگرافیا ،بڕیارلێدراوی خوێندن بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان _عێراق بۆساڵی خوێندنی (2025_2024) بۆ هەردو گروپی (ئە موونی وکۆنترڵکراو) بەشێوەهەکی یەکسان بەپێی ماوە وکاتی گونجاوی توێژینەوەکە ، ناوی بەشەکان وژمارەی لا پە ڕەکان دیاری کراوە، خشتەی(٧)

| به نده کان | نانونیشانی به نده کان | ژماره ی لاپه ڕ ه کان |
|---|---|---|
| یه که م | کیشوەری ئاسیا | ١٤ |
| دووه م | کیشوەری ئەوروپا | ١١ |
| سێیه م | کیشوەری ئەفریقیا | ١٣ |
| کۆی گشتی | | ٣٨ |

## ٣_٦_٢دابەشکردنی به شه وانەکان

توێژه ر له گه ڵ کارگێڕی قوتابخانه ڕێکەوتن بۆ ڕێکخستن ودابه شکردنی به شەوانەکانی هه فتانه که بۆ بابەته کۆمەڵایه تییەکان تەرخانکراوە، خشتەی ژماره (٨)

دابه شکردنی به شه وانه کانی هه ردوو گرووپی ئه زموونی وکۆنترۆڵکراو

| ڕۆژ | گرویه ئه زموونی | | گرووپی کۆنترۆڵکراو | |
|---|---|---|---|---|
| | وانه | کات | وانه | کات |
| یه کشه ممه | یه که م | ٨:٠٠ | دووه م | ٨:٤٠ |
| دووشه ممه | دووه م | ٨:٤٥ | یه که م | ٨:٠٠ |
| پێنج شه ممه | یه که م | ١٢:٣٠ | دووه م | ١:١٥ |

## ٣_ ٦ _ ٣ ماوەی ئەزموونی :

ئەو مامەوەیەکەتوێژینەوە کەی تێدا ئەنجامدەدرێت ، ماوەی ئەزموونی توێژینه وکەبەشێوەیەکی یەکسان بوو بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوە که(ئەزموونیوکۆنترۆڵکراو)له ڕۆژی سێشەممه ڕێکەوتی ٢٥ /٣/ ٢٠٢٥ ده ستی پێکرد وه لەرۆژیدووشەممەرێکەوتی ١٢ / ٥/ ٢٠٢٥ کۆتایی هات

## ٣_٦ _ ٤دیاریکردن وداڕشتنی ئامانجه ڕه فتارییه کان

دوای شیکردنه وه ی ناوه رۆکی بابه ته فێرکارییه که وه له به ر گرنگی ئامانجه ڕه فتارییه کان له پرۆسه ی فێربووندا توێژه ر (١٠٠) ئامانجی داڕشت ،به پێی پۆلێنردنی بلوم ( Bloom) له ئاسته کانی (بیرهاتنه وه ، تێگه یشتن ، جێبه جێکردن ، شیکردنه وه) ، دواتر خرایه به رده ست ژماره یه ك شاره زا وپسپۆڕی بواری ڕێگاکانی وانه وتنه وه وپێوانه وهه ڵسه نگاندن ومامۆستایانی بواری جوگرافیا ،به مه ستی دڵنیابوون له ڕاده ی شیاوی ئامانجه کان ، پشت به ست به هاوکێشه ی (جی کۆپه ر_ J.cooper ) شیکرا به ڕێژه ی ٨٠% بۆسه ر ه وه وه ك پێوه رێك بۆ په سه ندکردنی هه ر ئامانجێکی ڕه فتاری دیاریکرد ،وه پشت به ست به سه رنج وتێبینی شاره زایان ، هه ندێك له ئامانجەکان هه موارکران له شێوازی دارشتنیان ، پاشان داڕشتنی ئامانجه کان بۆ هه ر ئاستێك به م شێوه یه مایه وه ،(٤٧) ئامانج له ئاستی بیرهاتنه وه ،(٣٣) له ئاستی تێگه یشتن ،(١٠) ئامانج له ئاستی (جێبه جێکردن )، (١٠) ئامانج له ئاستی شیکردنه وه.

### ٣_٦_٤ئامادە کردنی پلانی وانە وتنەوە :

یەکێك لە پێداویستییەکانی توێژینەوە ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوەیە ،بۆ ئەم مەبەستە توێژە ر (١٩) پلانی بۆ هەریەك لەگروپی ئەزموونی بەپێی ستراتیجی (S.N.I.P.S) وگروپی کۆنترۆلکراو بەرێگای ئاسایی ئامادەکرد ،پاشان خرایەبەردەست ژمارەیەك شارەزا وپسپۆری بواری رێگاکانی وانەوتنە وە وپێوانە وهە ڵسەنگاندن ، بەمەبەستی دڵنیابوون لەڕادەی شیاوی پلانەکان.

### ٣_٧ئامرازی توێژینەوە:

### ٣_٧_١ تاقیکردنەوەی دەستکەوت

یەکێك لەپێداویستییەکانی توێژینەوە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتیخوێندنە، ئەویش بە مەبەستی پێوانە کردنی دەستکەوتی خوێندنی نموونەی توێژینەوەیە لەبابەتەکۆمەڵایەتییەکان / جوگرافیا،وە توێژەر لەئامادەکردنیدا ئەم هە نگاوانەی خوارەوە ی پەیرە وکرد:

### دیاریکردنی ئامانجی تاقیکردنەوە

ئامانجی سەرەکی لەئامادەکردنی تاقیکردنەوە ی دەستکە وت ، بۆ زانینی کاریگەری ستراتیجی (S.N.I.P.S) لە سەر دەستکەوتی خوێندنی قوتابیانی نمونەی توێژینەوە.

### ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی:

ئامادە کردنی خشتە ی تایبە تمەندی بۆ تاقیکردنە وەی دە ستکەوت ڕێکارێکی گرنگە لە ئامادەکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە ، چونکە گرنگی ناوەڕۆك وگرنگی ئامانجە ڕە فتارییە کان ڕەچاو دەکات ، کە ئەمەش وادەکات دەستەواژەکانی تاقیکردنەوە بە پێی گرنگی ئە م دوو لایەنە دابە ش دەکرێت (أحمد، ٢٠٢٣،٦٨_٦٩)، توێژە ر (٣٠) برگە ی ئامادە کرد بە پێی کێش وگرنگی رێژە ی هە ریە ك لە ناوە رۆكی بابە تە دیاریکراوە کان وئامانجە ڕە فتارییە پە یوە ندیدارە کان لە چوار ئاستی پۆلێنکردنی (بلوم_ Bloom ) ئە وانیش(بیرهاتنە وە،تێگە یشتن ، جێبە جێکردن، شیکردنە وە)، نە خشەی تاقیکردنە وەی ببە پێی ئە م ڕێکارانە ی خوارە وە دانا :

_ کێشی ناوەڕۆك = (ژمارەی لاپەڕە لە هەر بەندێکی خوێندن ÷ کۆی گشتی ژمارەی لاپەڕەکانی بابەتەکان) ×100

_ ڕێژەی گرنگی ئامانجی ڕەفتاری لە هەر ئاستێکیدا = (ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری لە هەر ئاستێکدا ÷ ژمارەی گشتی ئامانجە ڕەفتارییەکان) ×100

٣_ژمارەی بڕگەکان بۆهەرخانەیەك =ڕێژەی کێشی ناوەڕۆك × ڕێژەی گرنگی ئامانجەرە فتارییەکان ×ژمارەی گشتی بڕگەکانی تاقیکردنەوە(عودة، ٢٠٠٢، ١٤٨_١٥٢)

**خشتەی ژمارە (٩)**

| به شه کانی کتێب | ژ. لاپه ڕه | ڕێژه ی سه دی ناوەڕۆك | بیرهاتنه وه %٤٧ | تێگه یشتن %٣٣ | جێبه جێکردن %١٠ | شیکردنه وه %١٠ | ژ. پرسیار |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| یه که م | ١٤ | %٣٦،٨٤ | ٥ | ٤ | ١ | ١ | ١١ |
| دووه م | ١١ | %٢٨،٩٤ | ٤ | ٣ | ١ | ١ | ٩ |
| سێیه م | ١٣ | %٣٤،٢١ | ٥ | ٣ | ١ | ١ | ١٠ |
| کۆ | ٣٨ | %١٠٠ | ١٤ | ١٠ | ٣ | ٣ | ٣٠ |

## ئامادە کردنی بڕگە کانی تاقیکردنە وە :

توێژەر بەمەبەستی پێوانەکردنی ئاست وتوانای قوتابیان لەناوە ڕۆکی بابەتی خوێندن ، هەستا بەئامادەکردنی ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکە وتی خوێندن ،تاقیکردنە وە کە (٣٠) بڕگەی لە خۆ دەگرت کە بریتی بوو لە پرسیاری بابە تی لەجۆری هەڵبژاردن لەچە نددانەیە ك بە چوار جێگرە وە (بدائل ) بۆ هەربڕگەیەك ، پشت بەست بەئاستەدیاریکراوە کانی ئامانجەرەفتارییەکان بەپێی پۆلێنی مەعریفی بلۆم بۆ هەرچوار ئاستی (بیرهاتنەوە ،تێگەیشتن ،جێبە جێکردن ، شیکردنەوە)،

پاشان خرایە بەردە ست ژمارەیەك پسپۆر وشارەزای بواری ڕێگاکانی وانەوتنە وە وپێوانە وهەڵسە نگاندن وجوگرافیا،وەبۆ شیاوی تاقیکردنە وەکە توێژەر خە سڵەتەسایکۆمە ترییەکانی تاقیکردنە وەی بە م ڕێکارانەی خوارەوە دەرهێنا .

## دارشتنی ڕێنماییە کان بۆ وە ڵامدانە وە ی بڕگە کانی تاقیکردنە وە ی دە ستکە وت :

پێویستە هەرتاقیکردنەوە یە ك ڕێنمایی تایبەت بەوە ڵامدانەوە ی تاقیکردنەوە وئە وکاتە ی پێویستێتی دیاربیکرێت ، لەم ڕوانگە یەوە توێژە رکۆمەڵێك ڕێنمایی تایبە تی دارشت وەکو ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی وەڵامدانە وە،کاتی تەرخانکراو بۆ وە ڵامدانەوە ،دابەشکردنی نمرەکان ،ڕوونکردنەوەی پێوەرەکە

## ڕاستێتی تاقیکردنە وە

### _ڕاستێتی ڕواڵە ت :

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی تاقیکردنەوە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەست کۆمەڵێک پسپۆر و شارەزای بواری جوگرافیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن،



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

بۆ وەرگرتنی ڕاو وبۆچوونیان و ڕێنماییەکان سەبارەت بە شیاوی برگەکان، دەرکەوت، کە ڕێژەی ڕێککەوتن گەیشتە (87%)، ئەمەش بەپێی هاوکێشەی (جی کۆپەر _J.cooper) بەم شێوە تاقیکردنەوەکە لەڕووی ڕواڵەتەوە بۆ بەکارهێنان گونجاوە.

## _ڕاستی ناوە ڕۆك :

مانای ئەم جۆرە ڕاست و دروستییە ئەوەیە، کە ناوەڕۆك و برگەکانی تێستەکە پێوانی ئەو خاسیەت و توانایە بکەن، کە بۆی ئامادەکراوە، ئەم جۆرە ڕاست و دروستییە یەکێکە لە گرنگترین ڕاست و دروستییەکان بە تایبەتیش بۆ پێوان کردنی بوار یان توانایەکی دیاریکراو (قەرەچەتانی,122:2018)، بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستێتی ناوەڕۆك، خشتەی تایبەتمەندی و برگەکانی تاقیکردنەوەکە بەپێی ئامانجە تایبەتییەکان،خرانەبەردەستی پسپۆڕ و شارەزا لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن و مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا.

## ٣_٧_١_١ هاوکۆلکە ی قورسی برگە کان

توێژەر یاسا ی هاوکۆلکەی قورسی بەکارهێنا ، لەئەنجامی شیکارییەکاندا، دەرکەوت کە ئاستی قورسی برگەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە دەکەوێتە نێوان (٠,٤١) و(٠,٦٣) ، ئەم مەودایە بە گشتی بە مەودایەکی پەسەندکراو دادەنرێت بۆ تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن، ئاستی قورسی یان ئاسانی) وەکو( Bloom,1981,66) دە لێت برگەیەک بە پەسەند دادەنرێت ئەگەر بەهای هاوکۆلکەکەی بکەوێتە نێوان (0.20) و (0.80) (یان 20% بۆ 80%).

## ٣_٧_١_٢ هێزی جیاکاری برگەکان

مە بە ست لە هێزی جیاکاری برگە ئە وە یە توانای هە ر برگە یە ك لەسە ر جیاکردنەوەی نێوان قوتابیانی کۆ مە ڵەی بەرز وقو تابیانی کۆ مە ڵە ی نزم لە وە ڵامدانە وەی هە ر برگە یە ك (الدليمي وعدنان ، ٢٠٠٥، ١٢٨).

توێژەر بە پێی هاوکێشەی تایبە ت هێزی جیاکاری بر گەکانی تاقیکردنەوەی دە رهێنا لە ئە نجامدا دە رکە وت هێزی جیاکە رەوە ی بر گەکان دە کە وێتە نێوان (٠,٢٢)و(٠,٧٠)

## ٣_٧_١_٣ کارایی جێگرەوە هە ڵە کان

بەمەبەستی زانینی کارایی جێگرەوە هەڵەکان توێژەر ژمارەی قوتابیانی کۆمەڵەی بەرز کەوەڵامی هوڵەیان هەڵبژاردووە ژمارد لەگەڵ ئەوقوتابیانەی لەکۆمەڵەی نزم وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردووە ،دەرئەنجام دەرکەوت ژمارەی ئەو قوتابیانەی وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردووە لەکۆمەڵەی نزمن بەبەراورد بەکۆمەڵەی بەرز،هەمووئەنجامەکان (سالب)دەرچوون ئەمەش مانای ئەوەیە هەمووجێگرەوەکان (بەدیلەکان)کاران.

## جێگیری تاقیکردنە وە

واتە مە بە ست لێ ئە وە یە ، کە ئە گە ر لە هە مان بارودۆخدا تاقیکردنە وە بۆ هە مان ئە و کە سانە ئە نجام بدرێت، کە ئە نجامیان داوە، هە مان ئە نجام بە دەستبهێننە وە، ئە مە ش بة ژماردنی هاوکۆلکە ی پە یوە ندی نێوان ئە و ئە نجامە ی فێرخوازان لە جاری یە

كه م و ئه و ئه نجامه ى له جارى دووه مدا به ده ستهێنراوة ده پێورێت ، ئه گه ر له هه ردوو تاقيكردنه وه دا ئه نجامه كان جێگيرو وەك يه ك يان نزيك يه كبوون ئه وه ده گوترێت جێگيرى تا قيكردنه وه . (سعيد ،٢٠١٥،٨٦ ) .

توێژه ر تاقيكردنه وه ى له سه ر (٥٤) قوتابى له قوتابخانه ى (حه مه به گى جاف) ى بنه ره تى ئه نجامدا توێژه ر په ناى برد بۆ شێوازى تاقيكردنه وه ودووباره تاقيكردنه وه (T.test) جياوازى كات له نێوان تاقيكردنه‌وه ى يه كه م ودووه م نزيكه ى دوو هه فته بوو كه كاتێكى گونجاوه به هه ژماركردنى هاوكۆلكه ى په يوه ندى پێرسۆن له نێوان تاقيكردنه وه ى يه كه م ودووه م بۆ ده رهێنانى هاوكۆلكه ى جێگيرى تاقيكردنه وه.

## ئاماده كردنى پێوه رى بۆچوون به ره و بابه‌ته كۆمه‌ڵايه‌تيه‌كان/جوگرافيا:

### _ڕاستێتی پێوەر

بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی لەسەر ڕاستێتی ئەو پێوەرەی کەلەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنرا، توێژەر هەستا بەخستنە بەردەستی پێوەرەکە بۆ کۆمەڵێک کەسی شارەزا و پسپۆڕی ڕێگاکانی وانە وتنەوە وپێوانە وهەڵسەنگاندن وجوگرافیا ، بەمەبەستی دڵنیابوون لەشیاوی هەر بڕگەیەك لەبڕگەکان وڕادەی گونجانیان لەڕووی دارشتنی زمانە وانی وزانستییەوە ، دوای وەرگرتنی ڕابۆچوونی پسپۆڕان، ڕێژەی ڕێككەوتنی نێوان شارەزایان ڕێژەی (80%) و بەرەوسەرەوە بوو توێژەر بە بەکارهێنانی هەردوو شێوازی ڕێژەی سە دی و هەروەها هاوكێشەی ڕێككەوتنی جی کوپەر (J. Cooper)، ڕادەی ڕێككەوتنی نێوان هەڵسەنگێنەرانی پەسەندکراون، بەمشێوەیە پێوەرە کەبە شێوەی کۆتایی (25) بڕگەی لە خۆگرت

### جێگیری پێوەر

به واتاى ئەوە دێت كه پێوه ره كه هه ميشه بتوانێت هه مان ئه نجام به دى بهێنێته وه ئه گه ر دوو جار به سه ر هه مان گروپدا جێبه جێ كرا (محمد ، ٢٠٢١، ٦٣)

توێژەر ئەم ئەزموونەی لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوەدا جێبەجێ کرد، بەڵام لەسەر نموونەیەک کە لە دەرەوەی نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە بوو، پێوەرەکە بەسەر (٥٤) قوتابیدا لە قوتابخانەی (حەمەبەگی جاف) جێبەجێ کرد،کەئەم قوتابخانەیە وەک ژینگەیەکی گونجاو بۆ تاقیکردنەوەی بەرایی هەڵبژێردرابوو، جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەڕۆژی یەکشەممە ،ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/١٠ بوو،جیاوازی کات لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوە نزیکەی دووهەفتەبوو،کە بە کاتێکی گونجاودادەنرێت پاش هەڵە چنی وەڵامەکان ، بە بە کارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Pearson Correlation Coefficient) لە نێوان تێکرای نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەدا، ئەنجامەکان دەریانخست، کە بەهای جێگیری پێوەرەکە گەیشتە (0.82)، ئەم بەهایە بەهایەکی شیاوە و دەتوانرێت.

## بەشی چوارەم :خستنەڕووی ئەنجامەکان وگفتوگۆکردنیان

**گریمانەی یەکەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی(0.05)، لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی، کە بەستراتیجی (S.N.I.P.S) وانەیان پێدەوترێتەوە

و ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندەژمێری ولادانی پێوەری بۆ بەراوردکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ جوگرافیا دەرهێنا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t.Test) بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا هەیە، چونکە بەهای (t) ئەژمارکراو، کە (5.273) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی(2.021)، بە نمرەی ئازاد (36) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05). **خشتەی(١٠)ئەنجامی تاقیکردنەوەی(t.Test) بۆ نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی(t) ئەژمارکراو | نرخی(t) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 19 | 23.68 | 3.400 | 5.273 | 2.021 | 36 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 19 | 18.42 | 2.714 | | | | |

بەم ئەنجامەش گریمانەی(سفری)، کە توێژەر دایناوبوو ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت.

**گریمانەی دووەم**: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی(0.05)، لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە پێوەری پاشی بۆچوونی قوتابیان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ جوگرافیا.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری بۆ بەراوردکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێوەری پاشی بۆچوونی قوتابیان دەرهێنا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t.Test) بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، لەئەنجامدا دەرکەوت نرخی (t) ئەژمارکراو، کە (8.390) گەورەترە لە نرخی(t) خشتەیی، کە (2.021)، بە نمرەی ئازاد (36) لە ئاستی بەڵگەداری(0.05)، **خشتەی(١١).**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی(t.Test )ئەژمارکراو و خشتەیی بۆ پێوەری بۆچۆون لە نمرەکانی پێوەری پاشی**

| طروث | ذمارة | ناوةندة ذميَري | لاداني ثيَوةري | نمرةي ئازاد | T-tes هةذماركراو | T-tes خشتةيي | بةلَطةداري ئاماري |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئةزموني | 19 | 3.93 | 0.428 | 36 | 8.390 | 2.021 | بةلَطةدارة |
| كؤنترؤلَكراو | 19 | 2.95 | 0.280 | | | | |

بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری) کەتوێژەر داینابوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بەدیل) پەسەند دەکرێت.

گریمانە ی سێیەم : جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی(0.05) ، لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشی دەستکەوتی خوێندن، بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری بۆ بەراوردکردنی نمرەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ لە گروپی ئەزموونی بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t.Test) دەرهێنا، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای(t) ئەژمارکراو گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی لە ئاستی بەڵگەداری(0.05)، بە

**خشتەی(١٢) ئەنجامی تاقیکردنەوەی(t.Test )ئەژمارکراو و خشتەیی بۆ قوتابیانی گروپی ئەزموونی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

| ڕەطەز | ذمارة | ناوةندة ذميَري | لاداني ثيَوةري | نمرةي ئازاد | T-test | | بةلَطةداري ئاماري |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هةذماركراو | خشتةيي | |
| كورِ | 8 | 20.63 | 1.996 | 17 | 5.283 | 2.11 | بةلَطةدارە |
| كض | 11 | 25.91 | 2.256 | | | | |

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی ڕەگەزی( نێر) بە بەراورد بە ڕەگەزی (مێ) لە گروپی ئەزموونی و لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ)، واتە ستراتیجی (S.N.I.P.S) کاریگەری زیاتری هەبووە لەسەر ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای ڕەگەزی (مێ) بە بەراورد بە ڕەگەزی (نێر)، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت، کە ڕەگەزی (مێ ) زیاتر بە شتی نوێ دەوروژێنرێن و پەیوەست دەبن پێوەی و زیاتر سەرەنجیان بەلای ستراتیجییە نوێیەکە واتە ستراتیجی (S.N.I.P.S) ڕادەکێشرێت و زیاتر کارلێکی لەگەڵدا دەکەن، هەروەها ڕەگەزی مێ زیاتر لەماڵەوە دەبن و دەرفەتی خوێندنیان زیاترە وەک لەڕەگەزی نێر بۆیە بەرژەوەندییەکە بەلای ڕەگەزی( مێ) دا شکایەوە، واتە توانرا جیاوازی ئاماری گرنگ بدۆزرێتەوە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ)، ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی (حوراني،2011)، کە لە وڵاتی فەلەستین ئەنجامدرا ، کە توانیویەتی جیاوازی ئاماری بە مانا بدۆزێتەوە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ)، هەر بۆیە گریمانەی (سفری)، کە توێژەر داینابوو ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت، واتە توانرا جیاوازی ئاماری گرنگ بدۆزرێتەوە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ).

**گریمانەی چوارەم**: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) ، لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە گروپی ئەزموونی لە پێوەری پاشی بۆچوونیان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ جوگرافیا.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری بۆ بەراوردکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشی بۆچوونی قوتابیان دەرهێنا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t.Test) لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی(t) ئەژمارکراو بچووکترە لە نرخی (t) خشتەیی لە ئاستی بەڵگەداری(0.05).

**خشتەی(١٣)ئەنجامی بەهای (t. Test )ئەژمارکراو و خشتەیی بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ لە گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشی پێوەری بۆچۆوندا**

| رِەطەز | ذمارة | ناوةندة ذميَري | لاداني ثيَوةري | نمرةي ئازاد | T-test هةذماركراو | خشتةيي | بةلَطةداري ئاماري |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **نێر** | 8 | 3.95 | 0.306 | 17 | 0.167 | 2.11 | بةلَطةدار نية |
| **مێ** | 11 | 3.93 | 0.191 | | | | |

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەلگەداری ئاماری نییە لە تێکرای نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی پێوەری بۆچوونی قوتابیانی گروپی ئەزموونی لە نێوان هەردوو رەگەزی (نێر) و( مێ)، بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت گریمانەیەی(سفری) توێژەر پەسەند دەکرێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت، کە هەردوو رەگەزی نێر و مێ وەکو یەک سوودیان لە ستراتیجییەکە بینیوە لە تاقیکردنەوەی پێوەری بۆچوونیان بەرەو بابەتە کۆمەلایەتییەکان.

**٤_ شیکردنەوە ی ئەنجامەکان :**

**٤_٢_١شیکردنەوە ی ئەنجامی دەستکەوتی خوێندن :** بە بۆچوونی توێژەر سەرکەوتنی قوتابیانی گروپی ئەزموونی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی باشتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

١_ ستراتیجی (S.N.I.P.S) وا لە قوتابی دەکات ببێتە تەوەری سەرەکی بابەتەکە، چونکە زۆرترین بەشداری لەسەر بابەتەکان دەکەن و خۆیان بەشێکی سەرەکین لە پرۆسەی وانەوتنەوە.

٢_ئەم ستراتیجییە وایکرد، کە کەشێکی گفتوگۆ ئامێز لە نێوان قوتابیاندا دروستبکات بۆ ئەوەی قوتابیان لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆیەکی زانستی بابەتەکە بکەن.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاورایە لەگەڵ توێژینەوەکانی(الربيعي,2016)،(الحسيناوي،2019) (الصابري،2019 )،(المشهداني، 2024)، کە هەموویان کاریگەری ئەرێنی ستراتیجی (S.N.I.P.S) یان سەلماندووە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گۆڕاوەکانی تر.

**٤_٢_ شیکردنەوەی ئەنجامەکانی بۆچوونیان بەرەو بابەتەکۆمەلایە تییەکان/ جوگرافیا**

١_ ستراتیجی (S.N.I.P.S) تێڕوانینی ئەرێنی لەسەر گۆڕینی بۆچوونی قوتابیانی گروپی ئەزموونی بە بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو دروستکرد، ئەویش بەپێی ئەنجامە ئامارییەکانی توێژینەوەکە، لەسەر بنەمای ئەوەی، کە هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجیە بە جۆرێك دارێژراون، کە گۆڕانکاری لە پرۆسەی فێرکردن لە شێوازە کلاسیکییەکان بۆ شێوازە نوێیەکانی فێربوون دەکەن.

٢_وانەوتنەوە بە پێی هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجییەتە رۆڵی ئەرێنی لە فێرکردن و فێربوونی قوتابیان دەبینێت، بەو پێیەی قوتابی تێبینی و پرسیارکردن و نووسینی تێبینییەکان و پوختەکردن و لێکدانەوەی خۆی دەکات و بیرۆکەی وەلامەکانی لە مێشکی خۆی دادەرێژێت، دواتر بۆ هاوپۆلەکانی خۆی باسدەکات، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی گیانی هەرەوەزی و کۆمەلایەتی.

٣_ ستراتيجی(S.N.I.P.S)وا له قوتابیان دەكات خۆیان چالاكییەكان ئەنجامبدەن و دەرفەتی بیر و ڕاگۆڕینەوەیان بۆ دەرەخسێت ئەمەش دەبێتە هۆی زیادكردنی حەز و بۆچوونیان بەرەو بابەتەكە بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی.

**٥_١ دەرئەنجامەكان ( الأستنتاجات):** له ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەكانی توێژینەوە، توێژەر ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

1 . بەكارهێنانی ستراتیجی ( S.N.I.P.S) وەك یەكێك لە ستراتیجییە فێركارییە نوێیەكان لە وانەوتنەوەی بابەتەكۆمەڵایەتییەكان/ جوگرافیا بۆ قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی كاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر بەرزكردنەوەی دەستكەوتی قوتابیان بە بەراورد بەرێگەی ئاسایی.

2 . بەكارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S) وەك یەكێك لە ستراتیجییەتە فێركارییە نوێیەكان لە وانەوتنەوەی بابەتەكۆمەڵایەتییەكان/ جوگرافیا بۆ قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی وا لە قوتابیان دەكات زیاتر كارا بن و ببنە تەوەری سەرەكی وانەكە و بەشداری و چالاكی زیاتر ئەنجامبدەن، لەهەمان كاتدا بۆچوونیان بەرەو بابەتەكە زیادبكات.

3.بەكارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S)كاریگەری هەبووە لەسەر هەردوو ڕەگەزی(نێر و مێ) لە تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن.

**٥_٢ ڕاسپاردە كان:**

1 . پێویستە مامۆستایان لەهەرێمی كوردستان ئاشنا بكرێن بە ستراتیجییەكانی پاشخانی مەعریفە لەنێویاندا ستراتیجی S.N.I.P.S ، ئەویش لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییەكانەوە لە ڕێگەی خولی شیاندن و وۆركشۆپەكانەوە دەبێت.

2 .پێویستە سەرپەرشتیاران ئاڕاستەی مامۆستایانی بابەتە كۆمەڵایەتییەكان بۆ بەكارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S) لە بواری وانەوتنەوەدا بكەن لە هەرێمی كوردستان، لەبەر ئەو كاریگەرییە ئەرێنییەی هەیەتی لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی و تێگەیشتن بەشێوەیەكی خێرا و باشتر.

3 . پێویستە ڕاهێنان بە مامۆستایانی بابەتە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر ستراتیجی (S.N.I.P.S) بكرێت لە هەرێمی كوردستان، چونكە دەتوانرێت بۆ هەر قۆناغ و بابەتێكی دیكە لە ناوەندە پەروەردەییەكان و زانكۆ بەكاربهێنرێت.

**٥_٣ پێشنیارەكان :**

لەژێر ڕۆشنایی دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی لە داهاتوودا توێژینەوەیان لەسەر ئەنجامبدرێت:

1 .ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر كاریگەری ستراتیجی(S.N.I.P.S) بۆ قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی زانستە كۆمەڵایەتییەكان.

2 .ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر ستراتیجی (S.N.I.P.S) لە بابەتی جوگرافیا لەسەر دەستكەوت و گەشەپێدانی بیركردنەوەی داهێنەرانە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

3 .ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر كاریگەری بەكارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S) لەسەر دەستكەوت و گەشەپێدانی بیركردنەوەی تێرامانی لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

لیستی سه رچاوه كان

یه كه م :به زمانی كوردی:

_أحمد ، شێرزاد علي (٢٠٢٣) : كاریگه ری ستراتیژی چالاككه ره وه دركییه كان ورێكخراوه پێشكه وتووه كان له سه ر ده ستكه وت وگه شه پێدانی بیركردنه وه ی دوورمه ودا له بابه تی مێژوو لای خوێندكارانی به شی زانسته كۆمه ڵایه تییه كان ،(تێزی دكتۆرای بلاَونه كراوه )، كۆلێژی په روه رده ی بنه ره ت ،زانكۆی سه لاحه دین ،هه ولێر.

_ البرزنجی ، نرمین علی محمد (٢٠٢٢) : كاریگه ری ئاوێته كردنی هه ندێك له ستراتیژییه كانی فێربوونی كارا له وانه وتنه وه ی بابه تی مێژوو له سه ر ده ستكه وتی خوێندكارانی پۆلی شه شه می بنه ره تی ، نامه ی ماسته ر (بلاَونه كراوه ) ، كۆلێژی په روه رده ی بنه ره ت ، زانكۆی سلێمانی.

_بۆكانی ،د.سابیر (٢٠٢٠) : میتۆدی توێژینه وه ی زانستی ،چ٢،بلاَوكردنه وه ی چوارچرا ،سلێمانی. _خالد ، رزگارحمه لاو (٢٠٢٣) : كارایی پرۆگرامێكی فێركاری _فێربوون به به كارهێنانی مۆدێلی ( Mat) بۆ به ده ستهێنانی لێوه شاوه یی وانه وتنه وه وگه شه پێدانی بیركردنه وەی تێرامان لای خوێندكارانی به شی زانسته كۆ مه ڵایه تییه كان له بابه تی رێگاكانی وانه وتنه وه ، تێزی دكتۆرا ، (بلاَونه كراوه ) ، كۆلێجی په روه رده ی بنه ڕه ت ، زانكۆی سلێمانی.

_سه عید ، به ختیار حه بیب (٢٠١٦) : كاریگه ری ستراتیجی لێكچوو له به ده ستهێنانی چه مكه جوگرافییه كان لای قوتابیانی قۆناغی حه وته می بنه ره تی ، نامه ی ماسته ر (بلاَونه كراوه)، زانكۆی گه رمیان ، كۆلێجی په روه رده.

_عارف،كارزان محمد (٢٠٢٣) : كارایی پرۆگرامێكی فێركاریی پشت بەست به ستراتیژییەكانی فێركردنی جیاكاریی لەسەر دەستكەوت وگەشەپێدانی كارامەیی بیركردنەوەی جوگرافی لای خوێندكارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی ، تێزی دكتۆرا (بلاَونه كراوه ) ، زانكۆی سلێمانی.

_علي ، ساندي غازي (٢٠٢١) : هه ڵسه نگاندنی كارامه ییه پێویستیه كانی خوێندنی ئه لیكترۆنی لای مامۆستایانی به شه مرۆڤایه تییه كان له زانكۆی گه رمیان ، نامه ی ماسته ر (بلاَونه كراوه) ، زانكۆی گه رمیان ، كۆلێژی په روه رده .

عزیز،كریم أحمد (٢٠١٤): بنەما گشتیەكانی رێگاكانی وانه وتنەوە،چاپی یه كەم، هەولێر،چاپخانەی نارین.

_قاضي ، ئه ژی (٢٠١٦) : كاریگه ری سیسته مه هێڵكارییه مه عریفییه كان به ستراتیژی ( T.P.S) له سه ر دەستكه وت وپاڵنه ری به ده ستهێنان لای خوێندكارانی پۆلی حه وته می بنه ره تی له بابه تی مێژوودا ، نامه ی ماسته ر (بلاَونه كراوه ) ، سكولی په روه رده ی بنه ره تی ، زانكۆی سلێمانی .



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

_قه رەچەتانی ،کریم شەریف (٢٠١٨):پێوان وهەڵسەنگاندن " لەبواری پەروەردە ودەروونزانی " چاپخانەی زبانی صلح ، سلێمانی .

قاضي ، ئه ژی حه مه (٢٠٢٣) : کاریگەری ستراتیژی شه ش ڕه هه ندی وSWOM له سه ر ده ستکه وتی خوێندن وگه شه پێدانی کارامه ییه کانی بیر کردنەوەی مێژوویی لای خوێندکارانی پۆلی ده یه می وێژەیی ،تێزی دکتۆراه (بڵاونه کراوه )، سکولی په روەردەی بنه ڕه ت ، زانکۆی سلێمانی .

_محمد ،شریهان أحمد (٢٠٢١) : هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە له ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەڕوانگەی مامۆستایان وقوتابیانی زانکۆی گەرمیان وئاراستەیان دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی نامەی ماستەر،( بڵاونەکراوە) ، کۆلێژی پە روەردە،زانکۆی گەرمیان.

_مصطفی ،کنعان أسماعیل عبد الله (٢٠٢٣) : کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم له سه ر ده ستهات لای خوێندکارانی پۆلی هه شته می بنەڕه تی وئاراسته یان ده ربارەی بابه تی کۆمەڵایه تی ،نامه ی ماسته ر (بڵاونه کراوه)،کۆلێژی په روه ردەی بنه ڕه ت ،زانکۆی سلێمانی

زمانی عه ره بی :

_ الأسدي ،سعيد جاسم ومحمد حميد المسعودي (٢٠١٥) : أستراتيجيات وطرائق تدريس حديثة في الجغرافيا ،ط١،دار صفاء للنشر والتوزيع.

أبو حويج ، مروان وأبو مقلي سمير (٢٠١١):المدخل إلى علم النفس التربوي ، دار اليازوري للنشر والتوزيع ، عمان ،الأردن.

_أبراهيم : مجدي عبد العزيز (٢٠٠٤): موسوعة التدريس، الجزء الخامس، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، الأردن

_الجعافرة ،عبد السلام يوسف (٢٠١٣) : التربية والتعليم بين الماضي والحاظر ، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع ،عمان ،الأردن.

_حبيب ، صفاء طارق وبلقيس حمود كاظم (٢٠١٨) : نظريتي القياس الحديثة والتقليدية مبادئ وتطبيقات ،ط١،الدار المنهجية للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن .

_حسن ، قصي عبد العباس (٢٠١٧) : العوامل المؤثرة في مستوى التحصيل الدراسي في مادة اللغة العربية من وجهة نظر الطلبة والتدريسين ، مجلة كلية التربية ، العدد السادس ، الجامعة المستنصرية......

الحيلة ،محمد محمود (٢٠٠٩) : مهارات التدريس الصفي ,ط٣، دار المسيرة ، عمان، الأردن ........

_حيدر، عبد العزيز وفاطمة هوان (٢٠١٨) : النظريات المعرفية نماذجها وأستراتيجياتها ، ط١، دار المنهجية للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.

_الدراجي ، صدام حسين (٢٠١٣) : أثر أستراتيجية ( S.N.I.P.S ) في الفهم القرائي عند تلاميذ الصف الخامس الأبتدائي ، الجامعة المستنصرية ، كلية التربية ، بغداد ، العراق.

_الدليمي ، أحسان عليوي وعدنان محمود المهداوي (٢٠٠٥) : القياس والتقويم في العملية التعليمية ، ط٢،مكتبة أحمد الدباغ للطباعة ،بغداد _العراق .

_زاير ، سعد علي وآخرون (٢٠١١) : طرائق التدريس العامة ،ط١،دار صفاء للنشر والتوزيع ،عمان .

_سبيتان ، فتحي ذياب (٢٠١٠) : ضعف التحصيل الدراسي والطلابي المدرسي الرياضيات والعلوم (الأسباب والحلول ) ، دار الجنادرية للنشر والتوزيع ،عمان ،الأردن.

_ سحتوت ، إيمان محمد ، زينب عباس جعفر (٢٠١٤ ): أستراتيجيات التدريس الحديثة ،ط١ ،مكتبة الرشد،السعودية ،الرياض.

_ الزغلول ،عماد عبد الرحيم ورافع زغلول (٢٠٠٣):علم النفس المعرفي،ط١ ، دار الشروق للنشر والتوزيع ،عمان ،الأردن.

الزويني ، أبتسام صاحب موسى (٢٠١٥):أساليب التدريس قديمها وحديثها ، دار المنهجية ،عمان.

_عبيد ، ماجدة السيد (٢٠٠١):الوسائل التعليمية في التربية والتعليم ،دار الصفاء،عمان ،الأردن .

_عبيدات ، ذوقان وأبو السميد سهيلة (٢٠٠٧):أستراتيجيات التدريس في القرن الحادي والعشرين ،ط١ ، دار الفكر للنشر والتوزيع ،عمان،الأردن.

_محمود،صلاح الدين عرفة (٢٠٠٥) : تعليم وتعلم مهارات التدريس في عصر المعلومات ،ط١ ،عالم الكتب للنشر والتوزيع ، القاهرة.

_المسعودي ، محمد حميد (٢٠١٣) : طرائق تدريس الجغرافيا ، ط١، دار الرضوان للنشر والتوزيع

_ملحم ، سامي (٢٠٠٠) : القياس والتقويم في التربية وعلم النفس ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ،عمان.

_القطاونة ، خليل وسامي القطاونة (٢٠٠٦) : تقدير طلبة صف اللغة الأنگليزية في جامعة الطفيلة التقنية لمدى وعيهم بأهمية أستراتيجيات القراءة وممارستهم ،المجلة الأردنية في العلوم التربوية ، مجلد٢،العدد ٤ .

_القريشي ، مهدي علون ونسرين ناصر خلف الرحيماوي (٢٠١٦) : أثر أستراتيجية ( S.N.I.P.S) في أكتساب مفاهيم مادة العلوم لدى تلاميذ الخامس الأبتدائي ،لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الأجتماعية /العدد الثالث والعشرين . جامعة واسط.

_عطية ، محسن علي (٢٠٠٨) : الإستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال ، عمان ،دار صفاء، ط١. .

_عبد القادر ، سمر رجب (٢٠٢٠) : فاعلية أستراتيجية المشابهات المدعمة الكترونيا في تنمية التحصيل والأتجاة نحو الدراسات الأجتماعية لدى تلاميذ المتأخرين دراسيا بالمرحلة الأعدادية /العدد ١١٢، جامعة المنصورة ، كلية التربية.

_العزاوي ،رحيم يونس كرو (٢٠٠٨) : مقدمة في منهج البحث العلمي ، دار دجلة للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.

_عودة ،أحمد سليمان (٢٠٠٢): القياس والتقويم في العملية التدريسية ،ط٣، المطبعة الوطنية.

_ملحم ،سامي (٢٠١٠) : مناهج البحث في التربية وعلم النفس ، ط٦ ، دار المسيرة ، عمان ، الأردن .

AIIen ,E,(2007): The Academic Achievement ChiId Abuse and NegIect , VoI. (14) No .(5),PP _334.USA.

AI_Azzawi ,Ahmed Fares Ahmed AIi(2023): The impact of the S.N.I.P.S strategy on the achivment of fifth gradge Iiterary students in Iiterature and text and the deveIopment of their in ferentiaIthinking ,JournaIof Language studies .VoI .7,No .2, SaIadin Education .

_AIIen ,E,(2007): The Academic Achievement ChiId Abuse and NegIect , VoI. (14) No .(5),PP _334.USA.

FIaveII , J .(1979) , "Metacognition and cognitive Monitoring : A new of cognitive

deveIopment inquirty . American PsyiIogist , FaII 2003 (34).

BIoom ,F.G.1981,Mesearing cIassroom ac&Winston .Inc , New York heiment ,Rien hart

_HaIIahan ,DP , & Kauffiman , J . m , (1994) ExxeptionaI ChiIdren : Introduction to SpesiaI Eduction Boston ,London , AIIyn and Bacon

Nurjannah (2013): The Effect Of Using S.N.I.P.S Strategy towards Student Reading comprehension Of the second Year Student at MTS KuaIa Enok Of Tanah Merah District the Regancy Of IndragirI HiIir .UnpubIished Tthesis Of SuItannnnnSyarif Kasim Riau ,Pwkanbaru.

List of sources

First: In Kurdish:

Ahmad, Sherzad Ali (2023): The effect of cognitive activators and advanced organizations on the achievement and development of long-term thinking in history among students of social sciences , (Unpublished PhD thesis), College of Primary Education, Salahaddin University, Erbil.

- Al-Barzanji, Narmin Ali Mohammed (2022): The effect of integrating some active learning strategies including teaching history on the achievement of sixth grade students, master's thesis (unpublished). ), College of Primary Education, Sulaimani University.

_Bokani, Dr. Sabir (2020): Scientific Research Method, Volume 2, Chawarchra Publishing House, Sulaimani. - Khalid, Rizgar Hama Law (2023): Effectiveness of a learning program using Mat model to achieve teaching skills and develop critical thinking among students of the Department of Social Sciences on the subject of teaching methods Lecture, PhD thesis, (unpublished), College of Primary Education, Sulaimani University.

- Saeed, Bakhtiar Habib (2016): The effect of similar strategies on the acquisition of geographical concepts among seventh grade students, master's thesis (unpublished), Garmian University, College of Education.

Arif, Karzan Mohammed (2023): Effectiveness of an educational program based on differentiation teaching strategies on achievement and development of geographical thinking skills among tenth grade students, PhD thesis (unpublished), Sulaimani University.

_Ali, Sandy Ghazi (2021): Assessment of the necessary skills of e-learning among teachers of humanities departments in Garmian University, Master's thesis (unpublished), Garmian University, College of Education . . . .

Aziz, Karim Ahmad (2014): General Principles of Teaching Methods, First Edition, Erbil, Narin Printing House.

_Qazi, Azhi (2016): The effect of cognitive graphical systems with T.P.S strategy on achievement and achievement motivation among seventh grade students in history, Master's thesis (Unpublished), School of Primary Education, Sulaimani University.

_Qarachetani, Karim Sharif (2018): Measurement and Evaluation in the Field of Education and Psychology, Saleh Language Printing House, Sulaimani.

Qazi, Azhi Hama (2023): The effect of six-dimensional strategy and SWOM on academic achievement and development of historical thinking skills among tenth grade literature students, PhD thesis (unpublished), School of Primary Education, Sulaimani University.

_Mohammed, Shrihan Ahmad (2021): Evaluation of the online teaching process from the perspective of teachers and students of Garmian University and their direction about e-learning master's degree, (unpublished), College of Education, Garmian University.

- Mustafa, Kanaan Ismail Abdullah (2023): Effectiveness of using hot seat strategy on achievement among eighth grade students and their orientation about social subjects, master's thesis (Unpublished), College of Primary Education, Sulaimani University

Arabic Language :

Al-Asadi, Saeed Jassim and Muhammad Hamid Al-Masoudi (2015): Modern Teaching Strategies and Methods in Geography, 1st ed., Safaa Publishing and Distribution House.

Abu Huwaij, Marwan and Abu Muqli Samir (2011): Introduction to Educational Psychology, Al-Yazouri Publishing and Distribution House, Amman, Jordan.

Ibrahim, Majdi Abdul Aziz (2004): Encyclopedia of Teaching, Volume 5, Al-Masirah Publishing and Distribution House, Jordan.

Al-Jaafra, Abdul Salam Yousef (2013): Education Between the Past and Present, Arab Community Library for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

Habib, Safaa Tariq and Balqis Hamoud Kazem (2018): Modern and Traditional Measurement Theories: Principles and Applications, 1st ed., Al-Manhajiyya Publishing and Distribution House, Amman, Jordan. Hassan, Qusay Abdul Abbas (2017): Factors Affecting Academic Achievement in Arabic Language from the Perspective of Students and Teachers, Journal of the College of Education, Issue 6, Al-Mustansiriya University.

Al-Hilah, Muhammad Mahmoud (2009): Classroom Teaching Skills, 3rd ed., Dar Al-Masirah, Amman, Jordan.

Haydar, Abdul Aziz and Fatima Hawan (2018): Cognitive Theories: Models and Strategies, 1st ed., Dar Al-Manhajiyyah for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

Al-Daraji, Saddam Hussein (2013): The Impact of the SNIPS Strategy on Reading Comprehension among Fifth Grade Primary School Students, Al-Mustansiriya University, College of Education, Baghdad, Iraq.

Al-Dulaimi, Ihsan Alawi and Adnan Mahmoud Al-Mahdawi (2005): Measurement and Evaluation in the Educational Process, 2nd ed., Ahmed Al-Dabbagh Printing Library, Baghdad, Iraq. Zayer, Saad Ali, et al. (2011): General Teaching Methods, 1st ed., Dar Safaa for Publishing and Distribution, Amman.

Sbeitan, Fathi Dhiab (2010): Poor Academic Achievement in Mathematics and Science (Causes and Solutions), Dar Al-Janadriya for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

Sahtout, Iman Muhammad, and Zainab Abbas Jaafar (2014): Modern Teaching Strategies, 1st ed., Al-Rushd Library, Riyadh, Saudi Arabia.

Al-Zaghloul, Imad Abdul Rahim and Rafe' Zaghloul (2003): Cognitive Psychology, 1st ed., Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

Al-Zuwaini, Ibtisam Saheb Mousa (2015): Teaching Methods: Past and Present, Dar Al-Manhajia, Amman.

Obeid, Majida Al-Sayed (2001): Educational Aids in Education, Dar Al-Safaa, Amman, Jordan. _Obaidat, Thawqan and Abu Al-Smeed, Suhaila (2007): Teaching Strategies in the 21st Century, 1st ed., Dar Al-Fikr for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

_Mahmoud, Salah Al-Din Arafa (2005): Teaching and Learning Teaching Skills in the Information Age, 1st ed., Alam Al-Kutub for Publishing and Distribution, Cairo.

_Al-Masoudi, Muhammad Hamid (2013): Methods of Teaching Geography, 1st ed., Dar Al-Radwan for Publishing and Distribution.

_Malham, Sami (2000): Measurement and Evaluation in Education and Psychology, Dar Al-Masirah for Publishing, Distribution and Printing, Amman.

_Al-Qatawneh, Khalil and Sami Al-Qatawneh (2006): An Assessment of English Language Students at Tafila Technical University Regarding Their Awareness of the Importance of Reading Strategies and Their Practice of Them, The Jordanian Journal of Educational Sciences, Vol. 2, No. 4.

Al-Quraishi, Mahdi Alwan and Nasreen Nasser Khalaf Al-Rahimawi (2016): The Impact of the S.N.I.P.S. Strategy on the Acquisition of Science Concepts among Fifth Grade Elementary Students, Lark Journal of Philosophy, Bachelor's Degrees, and Social Sciences, Issue 23, University of Wasit.

Attia, Mohsen Ali (2008): Modern Strategies in Effective Teaching, Amman, Dar Safaa, 1st Edition.

Abdul Qader, Samar Rajab (2020): The Effectiveness of the Electronically Supported Analogies Strategy in Developing Achievement and Attitudes towards Social Studies among Academically Struggling Preparatory School Students, Issue 112, Mansoura University, College of Education.

Al-Azzawi, Rahim Younis Karou (2008): Introduction to the Scientific Research Methodology, Dar Dijla for Publishing and Distribution, Amman, Jordan. _Awda, Ahmed Suleiman (2002): Measurement and Evaluation in the Teaching Process, 3rd ed., National Press.

_Malham, Sami (2010): Research Methods in Education and Psychology, 6th ed., Dar Al-Masirah, Amman, Jordan.

AIIen ,E,(2007): The Academic Achievement ChiId Abuse and NegIect , VoI. (14) No .(5),PP _334.USA.

AI_Azzawi ,Ahmed Fares Ahmed AIi(2023): The impact of the S.N.I.P.S strategy on the achivment of fifth gradge Iiterary students in Iiterature and text and the deveIopment of their in ferentiaIthinking ,JournaIof Language studies .VoI .7,No .2, SaIadin Education .

_AIIen ,E,(2007): The Academic Achievement ChiId Abuse and NegIect , VoI. (14) No .(5),PP _334.USA.

FIaveII , J .(1979) , "Metacognition and cognitive Monitoring : A new of cognitive

deveIopment inquirty . American PsyiIogist , FaII 2003 (34).

BIoom ,F.G.1981,Mesearing cIassroom ac&Winston .Inc , New York heiment ,Rien hart

_HaIIahan ,DP , & Kauffiman , J . m , (1994) ExxeptionaI ChiIdren : Introduction to SpesiaI Eduction Boston ,London , AIIyn and Bacon

Nurjannah (2013): The Effect Of Using S.N.I.P.S Strategy towards Student Reading comprehension Of the second Year Student at MTS KuaIa Enok Of Tanah Merah District the Regancy Of IndragirI HiIir .UnpubIished Tthesis Of SuItannnnnSyarif Kasim Riau ,Pwkanbaru.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥